# نموونەی دونیا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیبن قەیم ئەلجۆزیە

وەرگێڕان وپوخت کردنی: فەرمان عەزیز نەجار

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

# ﴿ مَثلُ الدنيا ﴾

« باللغة الكردية »

ابن قيّم الجوزيّة

ترجمة: فرمان عزيز نجار

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# نموونەی دونیا

دونیا وەك ئافرەتێکی بێ ڕەوشت و لەشفرۆش وایە، کە هەرگیز دانامرکێتەوە لای مێردەکەی، بەڵکو هەر ڕۆژەی لەگەڵ پیاوێك ڕادەبوێرێت و تاکو لە خشتەیان بەرێت، بەهیچیش ڕازی نابێت جگە بێ ڕەوشت و لەشفرۆش، بەڵام کە شوودەکات بۆ ئەوەیەتی خراپەکانی خۆی پێ داپۆشێ .

ئەی مرۆڤی ژیر ئاگاداربە، ڕۆیشتن بەرەو دنیا وەك ڕۆیشتنە لە ناو ئاوێکی ترسناکی پڕ لە دڕندە، مەلەوانی کردن تیایدا، وەك ئەوە وایە مەلەوانی بکەی لە ئاوێکی ترسناك و پڕ لە تمساح، ئەو شتانەی کە مرۆڤ دڵ خۆش دەکات لە دنیادا، هەمان شتە مرۆڤ دڵ تەنگ دەکات، پەیدابوونی ئێش و ئازار لە دنیادا، بەهۆی خۆشیەکانەوە ئەو ئێش و ئازارە پەیدابووە، دڵ تەنگی لە دنیا بە هۆی دڵ خۆش بوونە لە دنیادا .

ئارەزوەکانی دنیا هەمووی ڕازاوە و چاو ڕفێنن، بەڵام ئەو کەسانەی پڕوایان بە (الغیب) هەیە، لە ئاستی ئەو ئارەزوانەدا چاو دەنوقێنن، کەچی ئەو کەسەی لە ئاستی ئارەزوەکاندا چاو ناپۆشێ دڵ تەنگ و زەرەرمەندە، جا خوای گەورە لە بارەی بروادارەکانەوە

دەفەرمووێ: {أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ}(البقرة:٥)، واتە: ئەوانەی لەسەر رێگای راستی پەروەردگاریانن، هەر ئەوانیش سەرفراز و سەرکەوتوون.

بەڵام خوای گەورە لەبارەی خراپەکانەوە دەفەرمووێ:{ كُلُواْ وَتَمَتَّعُواْ قَلِيلًا إِنَّكُم مُّجۡرِمُونَ}(المرسلات:٤٦)، واتە: بخۆن و کەمێك ڕابوێرن، بەڕاستی ئێوە تاوانبار و تاوانکارن.

بەڵێ: خواناسان کە دەزانن مانەوە لە دنیادا بۆ ماوەیەکی کەمە، بۆیە ئارەزووی خۆیان دەمرێنن بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا سەرفرازبن، جا لە خەوی بێ ئاگایی خەبەریان دەبێتەوە، ئەوە زۆر بە تامەزرۆییانەوە ڕوو دەکەنە خواناسی، ئەوکات ژیانی تاڵیان بە خواناسی شیرین دەبێت، رێگای دووریان پێ نزیك دەبێت .

خوای گەورە دەفەرمووێ: {هَٰذَا يَوۡمُكُمُ ٱلَّذِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ} (الأنبياء..:١٠٣)، واتە: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێدرابوو، ئێوە ئیتر رزگارتان بوو لە تەنگانە و ناخۆشی.